جه‌نه‌ڕاڵ له‌به‌ر ئه‌م هۆیانه ناردی به‌شوێن سه‌ره‌ۆك عه‌شایره‌کانداو دیاری‌وخه‌ڵاتێکی زۆری‌دانێ‌و پەیمانی‌دانی به‌مه‌رجێ یارمه‌تی سوپای روس بده‌ن باتێکه‌ڵیش نه‌ین به‌جه‌نگ شان به‌شانی روس به‌ڵام له دژی سوپای روس نه‌بن . پاش کوتایی جه‌نگ‌و که‌وتنی عوسمانی حوکمێکی سه‌ربه‌خۆیی بۆ کوردی ئێران‌و ناوچه‌ی باکوری عیراق دامه‌زرێنێت .

خیابانی حکومه‌تی مردوی ئێران له‌سه‌ر ئه‌م ڕێکه‌وتنه تووره‌بو بێزاری خۆی به‌رابه‌ر به روس ده‌ربڕ ونی ئه‌م کرده‌وه‌یه مانای ئه‌وه‌یه ئێوه حکومه‌تێکی حکومه‌تێ له‌ناو حکومه‌تێکی ره‌سمیدا دائه‌مه‌زرێنن ئه‌ڵێت جه‌نه‌ڕاڵ له‌وه‌ڵامداوتی راسته‌ ئێوه‌حکومه‌تن به‌ڵام بێده‌سه‌ڵاتن ده‌سه‌ڵات به‌ده‌س کورده‌وه‌یه .
نه‌ك ئێوه ـ بۆ کوردی ناوچه مه‌ریوان‌و پنجوین ئه‌ڵێت ئه‌مانه له‌گه‌ڵ سوپای تورکدان شان به‌شان له‌شکری عوسمانی له ژێر ناونیشانی کوردستان له ساڵه‌کانی شه‌رسیه‌که‌مدا .

(١) بروانه گوفاری کوری زانیاری کورد به‌ش یه‌که‌م له به‌رگی دو ل ١٧٩ ـ ٢٣٩ له نوسینی ده کمال مه‌زهه‌ر له ژێر ناونیشانی کوردستان له ساڵه‌کانی شه‌رسیه‌که‌مدا .

● ئه‌بوایه نوسه‌ری به‌ڕێز زیاتر په‌نجه‌ی‌بۆ ئه‌و سه‌رچاوانه دریژبکردایه که سوودی لێوه‌رگرتووه‌و میژی رووداوه‌کانی ده‌ست‌نیشان بکردایه .

هه‌رچه‌ن پاش ئه‌وه‌ی ئینگلیز سلیمانی داگیر کرد . له‌سه‌ر داخوازی شێخ مه‌حمود وشێخ مه‌حمود کرا به حوکمدار ـ ماوه‌یکی پێنه‌چو نیوانی شێخ مه‌حمود وئینگلیز تێك چو . شێخ مه‌حمود ویستی په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ روسیای بولشفی‌دا په‌یدا بکات‌و بهم هویه‌وه نامه‌ی نارد بۆ ته‌وریزتاران بۆ باڵویزه‌کانی روسیا . به‌ڵام پاش چی . پاش ئه‌وه‌ی له‌و کاته‌دا به‌یداخی ئینگلیز له سه‌ر روی زه‌مین‌دا خۆری لێ ئاوانه‌بوبو .

Institut kurde de paris

نامەیەکی کراوە

هەرچەندە رۆژنامەی هاوکاریم بێ ئەگەرتو بە خۆشی یەوە ئەیخوێنمەوە ، بەڵام کە ئەڕوانمە ئەوبابەتانەی فۆلکلۆر بەتایبەتی پەندی پێشینان و گۆرانی میللی ٠٠ هەناسەیەکی قوڵی ناخۆش هەڵئەکێشم ٠٠ چونکە ئەوەی ئێمە ئەمانەوێ ئیشەکەمانی بێ تەواو نابێ ٠!

بەڵێ کاک محمود زامدارو مامۆستا توفیق وردی و خالد جوتیار کە هەوڵی کۆکردنەوەو بۆژاندنەوەی بابەتەکانی فۆلکلۆر ئەدەن جێگای شانازین ٠ بەڵام ئەوەندە هەیە ئیشەکەیان بە نیوە نا چڵێ هێشتۆتەوە بۆ یەکێکی وەکو ئێمە کە لە فۆلکلۆری کوردی وبابەتی پەندی پێشینان ئەکۆڵینەوە زۆرگرانە٠ پێویستە هەریەکێک لە ئێمەو مانان ئەگەر هەوڵی کۆکردنەوەی زانراوەکانی فۆلکلۆری کوردیمان دا ئەبێت پاسپۆرتێک بۆ هەر بەشێک لەو بەشانە دروست بکەین ئەویش بریتین لەم خالانە :

١ - کێ کۆی کردۆتەوە ٠٠
٢ - لەکوێ (بۆ نمونە لە هەولێر) ٠
٣ - کەی (١٠-٩-١٩٧٢)
٤ - لە دەمی کێ (مام نەحمەد) ٠٠
٥ - خەڵکی چ ناوچەیەکە ئەو مرۆڤە ٠٠٠
٦ - بە کام شێوە قسەی نەکات ٠٠٠
٧ - تەمەنی چەندە ٠٠٠

ئەمە کارێکی سەرکەوتووە هەم بۆ خاوەنەکەی و هەم بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ لە کارێکی زانستی بکۆڵنەوە ٠

خۆزگە هەر یەکە لە ڕێگای خۆیەوە هەوڵی کۆ کردنەوەی پەندی پێشینانی ئەدا بەم شێوە نوێیەی کە نووسیومە ، بۆ ئەوەی ئێمەش پاشە ڕۆژ بزانین میللەتی کورد خاوەنی چەند پەندی پێشینانە ٠

بۆ نموونە فلندە تا ساڵی ڕابوردوو (١٥٠) ملیون پەندیان کۆ کردۆتەوە ٠٠ لە یەکێتی سۆڤیەیەت دا ، کۆماری تاجکستان ٣٦ ملیون پەندیان کۆ کردۆتەوە بە مەرجێ هەر پەندێک پاسپۆرتێکی لەگەڵە ٠ کەچی میللەتی کوردیش بەپەڵە قاڕێ ئەگاتە ٦ هەزار ٠٠ ئیتر دەست لەناو دەستو هێز لە خوا ٠

شوکریە ڕەسوڵ
مۆسکۆ

● ئامێ فرمێسک وماچ لە شیعری من دایە ● ● ○

ئەمە قسەی « پابلۆ نرودا » گەورەترین شاعیری ئەم سەردەمەیە ٠

پابلو نرودا شاعیرو نیشتمانپەروەری شیلی، سالێک لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد ٠ نەخۆش بوو ، لەچێدا کەوتبوو کە کودیتا فاشیستیەکەی شیلی حکومەتی دوکتور سالوادور ئالندەی ڕووخاند ٠ زۆر لە دۆستو ئاشناو هاوخەباتەکانی پابلو نرودا کوژران ٠ ئەم کارەساتە مردنی ئەو پیاوە گەورەی خێراترکرد ٠ هێشتا تەرمەکەی لەماڵێ نەگواز ڕابۆوە فاشیستەکان ماڵیان تاڵان کردو کتێبەکانیان سووتاند ٠

پابلو نرودا هەر لەبەرئەوەی ناوی نەکردبوو کە هونەرمەندانە شیعری دادەنا ٠ بەڵکوو ئەو نیشتمانپەروەرێکی کەورەبوو ٠ گەڵو نیشتمانی خۆی زۆرخۆش دەویست و بۆ ئازادی ئەوان خەباتی دەکرد ٠ ئەو پارێزەری مافی زەحمەتکێشان بوو ٠

پابلو نرودا هەستی ئینسانی ئاواتی شۆرشگێڕی ، عیشقی نیشتمانپەروەری دە شیعری خۆی دا دەگونجاند ٠ زۆرتر لەبەر ئەوەبوو کە بەگەورەترین شاعیری سەردەمی ئێمە ناسرابوو٠ بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر کۆچی دوایی ئەم شاعیرە مەزنەدا ، بەشێک لە بەسەرهاتی ژیانی ئەو ، بەقەڵەمی خۆی بۆ خوێنەرانی بەڕێزی هاوکاری دەگێڕینەوە :

ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٩٤٣ هاتمەوە « سانتیاگۆ » ٠ لە خانوێکدا نیشتەجێ بووم کە بەقیستی درێژخایەن کڕیبووم٠ جێگای کتێبەکانم لەو خانوەدا کردەوەو جارێکی تر ژیانێکی دژوارم دەستپێ کرد ٠

سەرلەنوێ وەدوای سەربەرزی و خۆشی و ئاوەدانی نیشتمانەکەم جوانی بەهێزی سروشت ، نازومەکری ژنان ، کاری هاوماڵەکانمو وریایی هاونیشتمانەکانم کەوتم ٠ ولاتەکە نەگۆڕابوو ٠ دێهات و مەزراکان چۆڵو ماتبوون ٠ ناوچەی کانگاکان هەژاری و نەداریەکی بەسامی تێدابوو ٠ یانەو باشگاکان پڕبوون لەپیاوی تەرپۆش ٠ دەبوایە بڕیاربدەم ٠ ئەو بڕیارەی دام ، بوو بە هۆی ئازارو ڕاونانم ٠ بەڵام کاتی پرشنگداریشی بەدواوەبوو ٠

کام شاعیر لە وە پەشیمان دەبۆوە ؟ « کورزیو مالاپارتە » کە ساڵەکانی دوایی وتووژی لەگەڵ من کرد ، لەوتارێکدا نووسی : « من کۆمۆنیست نیم ٠ بەڵام ئەڕبیام بەشاعیر ، وەک پابلو نرودا دەبووم ٠ لێرەدادەبێ هەڵوێستی خۆت دیاری بکەی ٠ بۆ ترومبێلیکی کادیلاک، یا بۆ خەڵکێکی بێپێلاوو بێمەدرەسە ٠ »

لەچواری مارسی ١٩٤٥ ئەوخەڵکە بێپێلاوو بێمەدرەسە ، بە نوێنەری مەجلیسی سەناهەڵیان بژاردم ٠ هەمیشە شانازی دەکەم کە هەزاران کەسی شیلی لە دژوارترین ناوچەکانی وڵات ، لەمەڵبەندەکانی شۆڕەکات و کانگای مس دەنگیان بۆ دام ٠

تێبەرین بەچۆڵو بیابانەکانی شیلی و ئارژانتین دا زۆر دژواربوو ٠ نزیکەی (٥٠) ساڵەو ناوچانە نەباریبوو ٠ چۆڵی و ویشکاوێی مۆری خۆی بەرووەتی کرێکارانی کانگاوە نابوو ٠ دەمو چاویان سووتابووتێبەرین بەچۆڵیدا ، دەست لە چیادانو سەرکەوتنو هاتنەوەخوار ، ئەو ماڵەوماڵکردن ، شارەزابوون لەکارو ژیانی خەڵک ، خۆدانان بەهەڵسوو ڕێنەری هیوای ئینسانەکانی گۆشەگیرو ڕاپڕ بێئیرادە ، ئەوانە بەڕەسەکی ئەوتۆنین کە بەدڵخوازوە ئەستۆی خۆیان بگری ٠ سەرەڕای ئەوە ،شیعری من ڕێگای پێوەندی لەگەڵئەوان کردەوەو توانی لەڕێ هاونیشتمانەکانمو ژیانی دژواری ئەوان دا دەستاودەست بکاو وەک برایەکی پارێزراو لەتێکەڵاوی زۆژئاوا ، پێشوازی لێبکرێ ٠٠

من چەند ساڵ ئەو چۆڵوبیابانەگەڕام ٠ وەک نوێنەری هەڵبژاردەی دانیشتوانی ئەوناوچەیە ، وەک نوێنەری کرێکارانی کانگاکان کە هەرگیز بەخەو کڕاواتیان نەبووە ٠

کەسێکی لەچۆڵو سەحرایەدادەگەڕێ ، وادەزانێ چۆتەکورەی مانگ ، ئەو ئەستێرەی بەڕواڵەت خاڵو بەتاڵ، سەروەت و سامانی هەراوی نیشتمانی منی تێدایە ٠

بەڵام دەبێ لەهەرزی وشکاوەلەکانگای بەرو ، کوونی سپی و بەردی ڕەنگین دەربێنی ٠ کەمشوێنی وا هەیە لەدنیادا کە ژیانی تێدائەوەندە دژوار بێو لەهەموو خۆشییەک دوور بێ ٠ کۆێرەوەریەکی زۆری دەوێ تابتوانی ئاوێک بگەیەنیە ئەوێ ٠

ئەو شوێنی من لێی لەدایکبووم ئەو سەری دیکەی کۆماری شیلییە ٠ من لە ناوچەیەکی سەوزو مێشەڵانو تەڕ وبڕ لە دایکبووم ٠ بەمندالی لەنێو بەفرو باراندا ڕامبواردوە ٠

هەر ئەوەندە کە من ئەوچۆڵوبیابانە بێئاوو گیایەم لەبەر چاوگرت ، گۆرانیکی تەواوبوودەژیانمدا ٠ نوێنەرایەتی ئەو ئینسانانە ، نوێنەرایەتی گۆشەگیری ئەوان ، کارێکی دژوار بوو ٠ وڵاتی ڕووتەنوبێگیاو شینایی و بێئاو مەسەلەیەکی مەترسیدار وئینسان بەزێنە ٠ لەلێرەوارو ڕووخی چەمو ڕووبارداو هەموشت لەگەڵ ئینسان قسەدەکا ٠ بەڵام چۆڵو بیابان ئەو شتانەنازانێ ٠

چەند ساڵ ئەو چۆڵوبیابانەگەڕام ٠ وەک نوێنەری هەڵبژاردەی دانیشتوانی ئەوناوچەیە ، وەک نوێنەری کرێکارانی کانگاکان کە هەرگیز بەخەو کڕاواتیان نەبووە ٠

کەسێکی لەچۆڵو سەحرایەدادەگەڕێ ، وادەزانێ چۆتەکورەی مانگ ، ئەو ئەستێرەی بەڕواڵەت خاڵو بەتاڵ، سەروەت و سامانی هەراوی نیشتمانی منی تێدایە ٠

بەڵام دەبێ لەهەرزی وشکاوەلەکانگای بەرو ، کوونی سپی و بەردی ڕەنگین دەربێنی ٠ کەمشوێنی وا هەیە لەدنیادا کە ژیانی تێدائەوەندە دژوار بێو لەهەموو خۆشییەک دوور بێ ٠ کۆێرەوەریەکی زۆری دەوێ تابتوانی ئاوێک بگەیەنیە ئەوێ ٠

ئەو شوێنی من لێی لەدایکبووم ئەو سەری دیکەی کۆماری شیلییە ٠ من لە ناوچەیەکی سەوزو مێشەڵانو تەڕ وبڕ لە دایکبووم ٠ بەمندالی لەنێو بەفرو باراندا ڕامبواردوە ٠

هەر ئەوەندە کە من ئەوچۆڵوبیابانە بێئاوو گیایەم لەبەر چاوگرت ، گۆرانیکی تەواوبوودەژیانمدا ٠ نوێنەرایەتی ئەو ئینسانانە ، نوێنەرایەتی گۆشەگیری ئەوان ، کارێکی دژوار بوو ٠ وڵاتی ڕووتەنوبێگیاو شینایی و بێئاو مەسەلەیەکی مەترسیدار وئینسان بەزێنە ٠ لەلێرەوارو ڕووخی چەمو ڕووبارداو هەموشت لەگەڵ ئینسان قسەدەکا ٠ بەڵام چۆڵو بیابان ئەو شتانەنازانێ ٠

چەند ساڵ ئەو چۆڵوبیابانەگەڕام ٠ وەک نوێنەری هەڵبژاردەی دانیشتوانی ئەوناوچەیە ، وەک نوێنەری کرێکارانی کانگاکان کە هەرگیز بەخەو کڕاواتیان نەبووە ٠

کەسێکی لەچۆڵو سەحرایەدادەگەڕێ ، وادەزانێ چۆتەکورەی مانگ ، ئەو ئەستێرەی بەڕواڵەت خاڵو بەتاڵ، سەروەت و سامانی هەراوی نیشتمانی منی تێدایە ٠

بەڵام دەبێ لەهەرزی وشکاوەلەکانگای بەرو ، کوونی سپی و بەردی ڕەنگین دەربێنی ٠ کەمشوێنی وا هەیە لەدنیادا کە ژیانی تێدائەوەندە دژوار بێو لەهەموو خۆشییەک دوور بێ ٠ کۆێرەوەریەکی زۆری دەوێ تابتوانی ئاوێک بگەیەنیە ئەوێ ٠

ئەو شوێنی من لێی لەدایکبووم ئەو سەری دیکەی کۆماری شیلییە ٠ من لە ناوچەیەکی سەوزو مێشەڵانو تەڕ وبڕ لە دایکبووم ٠ بەمندالی لەنێو بەفرو باراندا ڕامبواردوە ٠

هەر ئەوەندە کە من ئەوچۆڵوبیابانە بێئاوو گیایەم لەبەر چاوگرت ، گۆرانیکی تەواوبوودەژیانمدا ٠ نوێنەرایەتی ئەو ئینسانانە ، نوێنەرایەتی گۆشەگیری ئەوان ، کارێکی دژوار بوو ٠ وڵاتی ڕووتەنوبێگیاو شینایی و بێئاو مەسەلەیەکی مەترسیدار وئینسان بەزێنە ٠ لەلێرەوارو ڕووخی چەمو ڕووبارداو هەموشت لەگەڵ ئینسان قسەدەکا ٠ بەڵام چۆڵو بیابان ئەو شتانەنازانێ ٠

چەند ساڵ ئەو چۆڵوبیابانەگەڕام ٠ وەک نوێنەری هەڵبژاردەی دانیشتوانی ئەوناوچەیە ، وەک نوێنەری کرێکارانی کانگاکان کە هەرگیز بەخەو کڕاواتیان نەبووە ٠

کەسێکی لەچۆڵو سەحرایەدادەگەڕێ ، وادەزانێ چۆتەکورەی مانگ ، ئەو ئەستێرەی بەڕواڵەت خاڵو بەتاڵ، سەروەت و سامانی هەراوی نیشتمانی منی تێدایە ٠

بەڵام دەبێ لەهەرزی وشکاوەلەکانگای بەرو ، کوونی سپی و بەردی ڕەنگین دەربێنی ٠ کەمشوێنی وا هەیە لەدنیادا کە ژیانی تێدائەوەندە دژوار بێو لەهەموو خۆشییەک دوور بێ ٠ کۆێرەوەریەکی زۆری دەوێ تابتوانی ئاوێک بگەیەنیە ئەوێ ٠



ڕۆن و ئاسید ٠ من و ڕابەری سەندیکا بەسەر تەختە داریکدا دەڕۆیشتین ٠ پێڵاوەکانمان پڕ لەقورەو دەبوون ٠ دەیانگوت : « ئەو تەختەدارانە بەنرخی ١٥ مانگرتنی دوابەدوای یەک و هەشت ساڵ خەبات و داواکردن و حەوت کۆژراو بۆ ئێمە تەواو بوون » ٠

لە مانگرتنێکدا ، پولیس حەوت کەسی لە ڕابەری کرێکاران گرت ٠ پۆلیسی سوار کرێکاریان بەپەتیک دەپاش تەرکی خۆیان خستبوون ، پاشان بەچەند گوللەکوشتیانن ٠

تەرمەکەیان لەبەر سەرمای بیابان دا مایەوە ، تا لەدوایبدا هاوالەکانیان دۆزیانن وەو ناشتیانن ٠

لە « ماریالنا » قسەم دەکرد ٠ نێو کارگایەکە پڕبوو لە ئاوو پێش ئەو کارەسانە وەزع خراپتربوو ٠ ساڵی ١٩٠٦ کرێکارانی کارخانەی (شورە) مانیان گرتبوو ، هاتنە شاری تا داخوازەکانیان تەسلیمی حکوومەت بکەن ٠ هەزاران کەس کە لەریگادا ماندووو هیلاک ببوون ، لە پێش مەدرەسەیەک لەمەیدانێکی تەنگدا کۆبوونەوە کە بحەسێنەوە ٠ خەریک بوون بەیانی بچنە لای حاکم و داخوازەکانیان بەو بڵێن ٠ بەیانی زوو هێزی چەکدار مەیدانەکەیان گەمارۆدا ، بەبێ قسەوباس دەسڕێژیان لەوخەڵکەکردو پتر لەشەش هەزار کەس تەرمیان کەوتەگۆڕێ ٠

ساڵی ١٩٤٥ وەزع هێندێک باشتربوو ٠ بەڵام جاروبار هەستم پێدەکرد کە سەردەمی کوشتو کوشتار گەڕاوەتەوە ٠ جارێک نەیان هێشت کە لە ڕەستوورانی سەندیکادا لەگەڵ کرێکاران قسەبکەم ٠ من بۆ دەڕەوەم بانگکردن کە قسەیان بۆ بکەم ، ئێمە دوو سەد کەس بووین ٠

لەپڕ زرێلی دەوریان دا ، شەستیریان تێگرتبووین تامن قسەکانم تەواوکرد ٠

من لەو سەفەرانەدا شەوانی درێژ لەخانووی فەقیرانو لە لەگۆخ و ئاغەڵانداد دەنووستم ٠ هەمیشە لەدەرگای کارخانە پێشوازیان لەمندەکرد ٠ شەوو ڕۆژ خەڵک دەهاتە شوێنەکەی من و سکاڵایان دەکردو داوایان دەکرد کەیارمەتیان بدەم ٠ جاری وا دەبوو لەبەر نەبوونی چای زاڵەیان دەهات ، دەیانگوت ئەگەر چای نەخۆینەوە سەرەیشەی دەگرین ٠

ئەو خەڵکە لەوچۆڵوبیابانە ، لەژێر ئەو عاسمانە ، لە جوار دیواری کشومات دا ، هەمیشە وریایی سیاسیان نیشان دەدا ٠ دەیانەویست بزانن لە یوگوسلاوی و لەچین چ باسە ٠

حەزیان دەکرد ئاڵوگۆڕو تەنگو چەڵەمەی وڵاتەکەمان ، کارەساتی سۆسیالیستی یەکان ، کارەساتی مانگرتنی ئیتالیا ، دەنگوباسی شەڕوپەرەگرتنی شۆرش لە وڵاتانداد بزانن ٠ لەسەدان کۆبوونەوەدا داوایان لێدەکردم کەشێعرەکانم بخوێنمەوە٠ دیارە ئەمەدەزانی دەشێعرەکانم دەگەن یانا ٠ بەڵام گرینگنەبوو ٠ من خۆم هەرگیز دەهێندیک شێعری « هولدرلین »یان « مالارمە » نەگەیشتم و بەڕێزو بەسۆزێکەوە دەمخوێندنەوە ٠

— ئەمیر —
ئامادەی کردوە

ئارت بوخوالد گالتەنووسی ئەمریکایی :

دکتۆرگیان فریای نەخۆش کەوە



« مام سام » یان لە سەر قەرەویلێت راکیشا بوو ، دەیان بردە هۆدەی عەمەلیات ٠

بڕین پیچ پرسی : « ئەو نەخۆشیەکەی دیارە چیە ؟ »

« جان کیو میللەت » بڕازای مام سام گوتی :

(نازانم ٠ وەکی ماسانی « تضخم» دوو ئەوەندە لێدەدا ، بەرهەمی ناخالیسی تەتەوایی ناتوانی خۆی ببزوێنێ ٠ دەردەکەی « ماسان » تضخمو « وەستان » ڕکودە ٠ لام وایە دەبێ زیاتر شریقەی « پارە »ی لێ بدەین ٠

دوکتوری سێیەم گوتی : « هەرووکتان بە هەڵە چوون ٠ ڕەگی « ماسانی » نەخوش دوو ئەوەندەی لێدەدا ٠ ڕیگای ڕزگاری ئەوەیە ، قاچی ببڕینەوە

یەکی تر گوتی : « مەگەر شێت بوون ؟ دەبێ قابلیەتی وەرگرتنی نەخوشەکە زیاد بکەین ٠ خێرا شریقەیەکی لێبدەن » ٠

دوکتوریکی دیکە نەڕاندی : « نا ٠٠٠ نا ٠٠ وا نیە ٠ هەموو بەدەنی بخەینە ژێر کۆنترۆڵو چاوەدێری ئابووریەوە ٠

— مالیات « باجی » بخەینە سەر دڵی ٠

— جەرگی بە عەمەلی جەراحی بگژڕین ٠ لێ گەڕێن نەختێکی خوین لەبەر بڕوا ٠

— بەشێک لەبودجەی بەرگری کەم کەنەوە ٠

— موخاریجی دیکەشی کەم کەنەوە ٠

لەو کاتەدا ، کە دوکتورەکان لە سەر شێوەی داوو دەرمانو چاکردنەوەی تیک بەر ببوون مام سامی هەژارو کڵۆل بەدەردو ئازارەوە دەینالاندو گینگڵی دەدا بەڵام کەس ئاوڕی وێ نەدەدا ٠ بڕازای مام سام سەری لێ شیدا بوو ٠ چاوی لە زاری ئەمو ئەو دەکرد ٠

ئاخرەکەی دوکتور فورد وە دەنگ هات :

— باشە ٠ سوپاستان دەکەم ئەگەر ئێوە نەبانی دەبوو چ بکەم ٠

پاشان دوکتور فۆرد دوکتورەکانی تری خەڵات کردو هەر دوکتورەی دوگمەیەکی قۆڵی بە دیاری دانێو تۆقەی لەگەڵ کردنو لە ژووری عەمەلیات وەدەری نان ٠

پاش ڕۆیشتنی ئەوان « میللەت » ڕووی کردە دوکتور فوردو گوتی :

— باشە ٠ ئیستا چ لە مامم دەکەی ؟

دوکتور فورد رەنگی بزرکاو گوتی : « دەبێ ئەو کارەی بکەین ڕێگای دیکەمان نیە » ٠

پاشان چوە لای مام سامو گوتی : « نازانم چۆنت پێ بڵێم » ٠

مام سام گوتی : « قەی ناکا دوکتور ٠ من خۆڕادەگرم » ٠

دوکتور فورد ڕەچێتەی دەرمانی بۆ نووسی : « دەبی لە سەر سفرەی چەندەی بۆت دەخوری بخڕی ٠ تادەتوانی ئەو دەرمانەش بخڕی ٠ ئیشەڵا تا چەند مانگی دیکە حالت باشتر دەبێ » ٠

● هەڤاڵ ●

دیموکرات تەهای گۆرانی بێژ ...

— دیموکرات تەها —

دیموکراتیکیوا کە لە ژێرسێبەری دارمێرو هەرمیدا چاوی کردۆتەوە ، لە ئاوی کانیە بێگەردەکانی گەلی دهۆکدا تینویەتی شکاند بێدیموکراتیک کە یەکەم دەنگ خزایە گوێی دەنگی کەووبووئیستا کە چۆن نەبێتە بولبولێکی دەنگ خۆشولەسەر کێوو چیمەنو لالەزارەکانی کوردستاندا هەربخوێنێ ، ئیستاکە چۆن چاو نەبڕێتە دیواڕۆژێکی پرشنگدار بۆخۆی کە چێگای شانازی خۆیو میللەتەکەیبێت ٠

هونەرمەندی سەرەتایی لەساڵی ١٩٦٠ لە شاری دهۆک هاتۆتە دونیاوە هەر لەمنالیەوە دڵی چووە بۆ مۆسیقاو گۆرانی بەتایبەتی کە گەیشتە ئەو تەمەنەی کە بەرانبەر خزمەت کردنی میللەتەکەی هەست بەلێ پرسینەوە بکات ، کاتێ لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی دا بوو بۆ یەکەم جار پێی نایە سەرشانۆ دەمی کرد بە ناو دەمی مایکرۆفۆنداو گۆرانی (رابەجۆتیار)ی گازکرد ئیستاکەش گۆرانیبێژی تازەهەڵکەوتوو لەچالاکی دایەو چەند مانگێک لەوەو پێش گۆرانی (کراسێتەملیسە)ی تۆمارکرد وە لە شاری بەغدا بەشداریمیهرجانیەکەمی کوردی کرد و پەیوەندی لەگەڵ چەند گۆرانی بێژێکی کورد پەیدا کرد لەوانە (صلاح مجید) ، (قادر کابان) ٠٠ هتد بەڵام ئەو گۆرانی بێژەی کە ڕۆر کاری تێ کردبێ کاک صلاح مجیدبووە ٠

هونەرمەند نیازی وایە چەندگۆرانیەکی تریش تۆمار بکات لەم ڕووانەداو هیوایەکی پتەوی هەیە بۆ ئەوەی هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی مۆسیقاوگۆرانی کوردی تەرخان بکات ٠

کەمال سید قادر

---

institut kurde de paris

حەلاو

گەرچی هەر لە منالییەوە چاوی لەم جیهانە نووقاندبوو بەڵام ئافرەتێکی شڵو مەڵو ئیسک سووکو سەرو زمان شیرین بوو ، هەموو بەیانییەک وەک هاو پەیمانی ڕۆژ بێتو بیەوێت یەکەم کەسێک بێت باوەشی پکاتەوە بۆ ئەو ڕووناکییەی نەی دەدی ،لەگەڵ ڕۆژدا هەڵ دەهات ٠

حەلاو زۆر پێویستی بە هاوڕێیەک بوو هاو دەنگو ڕەنگی بێتو تۆزێ ئەو خەمەزکماکەی بڕەوێنێتەوەو لەو تەنیاییە سامناکە دووری بخاتەوە ٠ وەکو نەزانێ نەگبەتی هاوڕێی گیانی بەگیانی ژیانێتی شووی کردو ئەنجام هاوڕێکەی لە خۆی کڵۆل تر دەرچوو ، وەک ئەم نابینایییێکی زکماکی لەگەڵ بوو ئەویش ناساغیێکی زکماک تر ٠٠ چەند ساڵێکی نەبرد بوونە خاوەنی سێ - چوار منداڵ ،لەڕەنگی زەردی چاوە بە قوواڵ چووە - کانیاڵ دا ژیانە پڕوپووچو بێ ئامانجەکەیانیت دەدی ٠

هەموو خەوو خەیاڵێکی حەلاو بە پارووە نانێکەوە بوو هاواری بڕسێتی منداڵەکانی بێ دەم کوت کات ، بە بەرگێکی گەرمو گوڕیوە بوو سەرمای زستیانیان لێ گل بداتەوە ٠ چاری نەماو لەگەڵ ڕۆژ داهەڵهاتنی کردە پیشە ، منداڵە ساواکەی دەکردەکۆڵی و ئەوانی کەش بە دوایەوە ، لەگەڵ یەکەم تیشکی خۆردا دەکەوتەکۆڵان و شەقامەکانو لەگەڵ دوا تیشکی خۆڕیش دا خۆی دەکردەوە بە ماڵ دا بۆ لای ئەو مێردە کڵۆڵەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەبووە یەکێ لەکەڵو پەڵە شڕەکانی ناو ماڵەکە ٠

هەموو شەوێ پێش نوستن دەنگی ناو بازاڕو شەقامەکانی لە گوێدا دەزرنگایەوە تاتوندتر خۆی گرەتۆڵە بکردایێ لە ناو ئەو پارچە سپیالەی تیای دا دەنوست دەنگەکان زیاتر تەنگیان پێ هەڵدەچنی ٠

— سەیرە ٠٠ بەخۆی تێر ناخوا ، سێ چواریکی شوێن خۆی خستووە

— وەلا ٠٠ خۆ خراپیش نیە ٠٠ یەعنی

— دەسا ٠٠ لەشو لارێکی عالی پێوەیە

— چاوی تێکی داوە

— باوکم تۆ هەقی چاویت چیە ، بڕوانە بەژنی ٠

ناچار لە دوای دا کە ماندوو دەبوو گوێچکەشی وەکو چاوی دەئاخنی هەموو قبووڵ دەکرد بۆ ژیان ٠٠ ژیانێک لەوە دەچوو لەم دوایییانە دا گەردوونیش لە دروست کردنی پەشیمان بوو بێتەوە ، بۆیێ شەوێکی زستانی تووش بە پەڵە ژیانی ئەو خێزانەی بەسەر هەورە تریشکەیەک دا ساغ کردەوەو گە ڕۆژی سەبەینێ هەڵهات حەلاوی لەگەڵدا هەڵنەهات ٠

شیرین ٠ ک

میژووی مادەکان

- ٣٧ -

٢٠١ دیالۆگێکی نوسیویەتی
بڕهان قانع لەفارسیەوە
کردویە بەکوردی

بەشی یەکەم

سەردەمی کۆنە کە سەردەتایەکان لە خاکی ماددا

١ - چەرخی بەردو بەردومس (ئانئولیت)

لە بارەی ئەوەوەکە ئادەمیزادلە چ سەردەمێکدا لە سەر خاکی مادا نیشتەجێ بووەو یەکەمین جار هاتۆتە ئەو شوێنەوە هیچ جۆرە زانیاریەکی ڕاست بەدەستەوە نیە ، بەڵام تا ئێستا ڕادەیە زانراوە کە لە سەردەمی کۆنی بەرد (یا پالئولیت) دا ئادەمیزاد لەو ناوچەیەدا ژیاوە. ئیستە لە ئەنجامی تەقەللادانی کۆنەشوناسی یەوە گەلێک شت- کە پەیوەندی بە سەردەمی (ئاشل)و (موستیە) و(ئورینیاك)(١)ەوە هەیە (ئەو هەوارگەو ئەشکەوتانەی نزیك سلیمانی و ، ئەشکەوتەکانی نزیك بهیستون و « تامتام) لەخواروو ڕۆژهەلاتی نازربایجانی ئێران و چەند شوێنەوارێکی فراوانی تر) دەست کەوتوە . لە کیشوەرەکانی دراوسێداواتا ئاشورو ئاسیای ناوەڕاست دیسان شوێنەواری سەردەمی کۆنی بەرد (پالئولیت) دۆزراوەتەوە . لەگەڵ ئەمەدائەو زانیاریانەی کە لە بارەی دانیشتوانی سەرزەمینی مادەوەلە سەردەمی چەرخی بەردا کە تا ئیستە دەست کەوتووە زۆرکەمە وە بۆ میژوونوسان بەش ناکات . بەڵام ئەتوانین بڵێین کە بە ڕوی هەم ڕێکاکانی کامل کردنی ئادەمیزادی چەرخی بەردلەسەر خاکی ماد بەشێوەی گشتی لەگەڵ کیشوەرەکانی تراکە راستەو خۆ خەریکی جولانەنەوەو گۆڕان بون یەکسان بون ، بەم جورە داوا لە خوێنەران ئەکەین کە تەماشای ئەو کتیبە گشتیانە بکەن کە لە بارەی میژوی ئادەمیزادی چەرخی بەردەوە نووسراونەتەوە .

تا ئیستە شوێنەوارێکی بەکەڵکی وا کە پشتی بێ بەبەستڕێت لە بارەی چەرخی نئولیت (چەرخی تازەی بەرد) لە خاکی ماد نەدوزراوەتەوە .هەروەها لە کیشوەرەکانی دەوروپشتی مادیشدا (جگە لەئاشورو بین النهرین و هی تر) هەندێك شوێنەوار لە بارەی چەرخی تازەی بەردەوە دەست کەوتوە (٣) . لە بارەی چەرخی بەردو مسەوە (یان ئانئولیت) چەند بەڵگەیەکی کۆنە شوناسی بەدەستەوەیە .

ئەو شوێنانەی کە لە چەرخی بەردو مسدا لە ڕۆژگاری زۆر کۆندا تیا نیشتەجێ بون- هەروەکو لە سەرزەمینی ناوچەکانی دەوروبەری ماددا واتا پارس (پرسید) لێی کۆڵاونەتەوە - لە خاکی مادبەقەدەر پێویست نەبوە . بەڵام ئەتوانین بڵێین ئەو شوێنەنیشتەجێ تایبەتیانەی کە لەو شوێنەدا (لە پرسپولیس -ناستخر) دۆزراوەتەوە وە لە بارەی نزمترین پلەی چەرخی بەردو مس (ئانئولیت)ەوەیە(٤) ئەوە بۆڕون کردنەوەی ڕوی کۆمەڵایەتی کاملی ئەو سەردەمەی کیشوەرەکانی مادو دەوروبەری ماد دەست ئەدات .

شوێنی نیشتەجێی ناوبراوبە هوی (هرتسفلد)ەوە دوزراوەتەوە وە بریتی بووە لە نیشتەجێی گلێنو جۆری کۆمەڵە ساختومانێکی ئەو سەردەمەو(٥)هەروەها وێنەو نیگاری بەرازو بزنو مەڕ ، کە لە سەر ڕوی سوالەتی گۆزەو دیزە (کە بە چەرخی گۆزەسازی سەرەتایی دروست کراوە)و پەیکەری بچوك بچوکی گاو مانگا - کەلەوە ئەچێ ئەمانە پەیوەندیان بە بواوە) ئاینیەکانەوە بوبێت -لە بارەی نیشتەجێ کانەوە وەکو چیروکو بەسەرهات ئەیان گێڕانەوە . لە بارەی کۆمەڵگای مادەوە لە چەرخی بەردو مسدا ئەتوانین بەهۆی ئەنجامی هەڵکەند ڕاوەکانی تەپۆلکەیحەسار لە نزیك دامغانەوە (لە ئەو پەری ڕۆژهەلاتی ناوچەی ژمارە ١١ی بەشکردنی خۆمان و سنوری بارت)(٦)وە تەپولکەی گیان لە نزیك نهاوەند (ناوچەی ٨ی خومان)(٧) وە تەپولکەیسیلك لە نزیك کاشان (ناوچەی ١٠ی خۆمان)(٨) وێڕا تەپولکەی نزیك ڕەزائیە (کەناری ڕۆژئاوای دەریاچەی ئورمیە(ناوچەی ژمارە ٣ی خۆمان)(٩) تا ڕادەیەك ڕونی بکەینەوە .هەمو ئەم ناوچانە کەوتونەتە سنوری مادەوە ٣ لە ناوچەیڕۆورو مەرکەزی ماد کە بەر لە بەشە کانی تر جێگای سەرنجدانی ئێمەیە تا ئیستە هیچ هەڵکەندراوێکی ڕەنگ دەستنەکەوتوە(١٠) .

گونترین تۆڕێکلی ئەوتەپۆلکە ناوبراوانە (لە ڕوی کۆنە شوناسیەوە) - لەتەپۆلکەی حەسار (آی آی) ، لەگیان (ئۆ ٢) - وە بەتایبەتی لە گۆی تەپۆلکەیە نزیك ڕەزائیە (ئێم) و (کەی) -ئەتوانین بە هینی ڕۆژگاری کۆتایی هەزارەی چوارەمو سەرەتای سێیەمی پێش زاینی دابنێین . (لەگەڵ تەماشا کردنی ئەو گۆڕانانەی کە بە تازەیی لە میژووی دانانی توکڵەکانی بین النهرین دانراوە وە لە واقع دا کلیلی ڕۆژگارومیژوی شارستانیەتەکانی ژێر خاکو کۆنە شوناسی ئاسیای ڕۆژئاوایە) . ئا لەو ڕۆژگارەدا سەرەمینی دەلا کە بە نەخشەی شارستانیەتی سوالەتی ڕەنگاو ڕەنگ ناو ئەبرێ وە لە سوریەوفەلەستین تا ئاسیای ناوەڕاست و چین درێژ بوبوەوە ، لەگەڵ ئەمانەدا پەیوەندی هەبوو . بەکەمین نیشانەی دابەشکردنی کاروباری گرنگی کۆمەڵایەتی دابەش کردنی ئیشو کار بووەلە نێوان هۆزە شوانکارە پیشەییەکانو کشتوکاڵکەرەکاناکە پەیدا بووە . لە دامین چیاکانەوە لە جۆگاکان ئاویانئەبرد بۆ کشتوکاڵو سودیان لێ وەر ئەگرت ، وە یەکەمینجار دەخلە مالیەکانیان - وەکو جۆو گەنمو گەنمی (کێوی)یانئەچاند (١١) . ئەو مەڕو مالاتەیان بەخێو ئەکرد کە وێنەونیگارەکانیان لە سەر ڕوی سوالەتەکان کێشاوە . لەناوچە کشتوکالیەکانی شوێنە بیستەجێ هەمیشەییەکانا (وەکولادێکان) - کە هێشتا خۆیان نەگرتبو - پەیدا بوو . هەندێك کەرەسەی دروستکراوی مسین- لە دواییدا چەند پارچە ئالەتێکی مسین - دروست بوو . هەمو ئەم پیشکەوتنانە ماوەی ئەوەیان دا کە پیشەگەری تەنین و گوزە گردن پێش بکەوێ . بەرەبەرە(نەختێك دواتر) لە دووەمین

بەردەوامی لە : -٧-

ئازاد عەبدولواحید ئامادەی کردووە

چۆن تیشك لە بەرەبەیانەوە سەر هەڵدێنی گوڵ لە خونچەوە پێ دەگات ، ئاواش تاسەو ئارەزووی ئەم لاوانە لە گەشە کردنو بزوتنەوەو کوڵان دایە . تاسەو ئارەزوویەکی تینووی وشەو دوا ڕۆژو ڕووناکی ، تینووی دەستی هاندانو خۆ



دەمەوێ قوڵبڕی چاوەکانی هاوسۆزم عەبدولواحید ئامادە بکەم

دۆزینەوەو ڕێبازی پەسند ... دەبا بنچینەیەکی قایم بۆ سەرەتا دا بڕێژین ، تا چارەنووسێکی پۆڵایین بنیات بنێین با هەوڵ بدەین هەزاران خونچەی تینوو دەمی هیوایان بکەنەوەو دەستیان بگاتە قوڵپی ئاواتەکانیان ...

با لێرەوە دەست پێ بکەینو ئەم چەند پرسیارە ئاراستەی ئەم هونەرمەندە لاوە بکەین .. کە کاك (یوسف عبدالقادر)ە .

پ - هونەرمەند کێیە ؟ وبەرای تۆ ئەبێ چۆن بێ ؟

و : بەرای من هونەرمەندی ڕاستەقینە ، ئاوێنەیەکە کە هەموو گیروگرفتو کەندو کۆسپی کۆمەڵ بەهۆی هونەرەکەی لێك دەداتەوەو کۆمەڵ و کورتی یەکانی میللەتەکەی دەست نیشان دەکات ...

پێویستە لەسەر شانی هەر هونەرمەندێکی خزمەت گوزار ، دڵسۆز بێت لە ئیش کردندا ، دروشمی هونەر بۆگەڵ بخاتە بەرچاو ..

هەروەها پێویستە چاپوکانە بووستێ بەرامبەر ئەوانەی دژی هونەر ڕادەوەستن . وبازرگانی بەهونەرەکەی نەکاتو ... هونەرەکەشی هونەرێکی ڕەسەن بێتو لەناو جەرگەی واقیعی ژیانی میللەت هەڵقوڵێ ،نەوەك لاسایێکی کوێرانە بگرێتە بەر ...!!

× کاك نازم دلبەند :

ئەو چاو پێ کەوتنەی لەگەڵ هونەرمەندی لاو کاك سەعدی مستەفادا کردیوت ئەبوایە نمونەیەکی بەرهەمەکەیت لە گەڵ نارد بوتان ئەگەر باشتر بوایە باشتر ئەبوو ..

× کاك ڕزگار حەسەن :

جگە لەوە دەسخەتەکەتمان بە باشی بۆ ناخوێندرێتەوە ، شێوەی دارشتنی باسەکەتان جەمسەری ڕستەکان بەیەکترەوە نابەستێو پێویستی بەدەسکاری کردن ئەکات ، ئەگەر بڵاو نەکرایەوە ببوە .

× کاك ف. أ :

ئەو نووسینەی لە سەر مناڵان نووسیوتە بە کەڵکە ، بەڵام بە شێوەی ڕۆژنامەگەری نەمرۆ دانەڕێژراوە ..

× کاك تایەر نانەکەلی :

ئەو جۆرە باسو بەسەرهاتو چیروکانە هینی سەردەمی بەر لە کارەباو شارستانێتی نوێو زیانی ئەم ڕۆژگارە بون جگە لەوەی کە بەشێوەیەکی نوێ چارەسەری گیروگرفتی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی پێ ناکرێ شێوەی ئەدەبە زارەکیەکەشی لەناو خەڵکا لەبیر چۆتەوە .

× کاك شەمال ئیبراهیم :

تا کاتێ نووسینی ئەم وەڵامە

پ - هونەری تەشکیلی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنن ؟

و : ناتوانم بڵێم هونەری تەشکیلی کوردیمان زۆر بەتەواوی پێش کەوتووەوگەیشتووتە خواستو ئامانجەکانی ... بەڵام لەم دووایی داچەند هونەرمەندێکی پسپۆڕو لێهاتوو . بەجەرگانە لەهەوڵ وکۆششدان بۆ ئەوەی هونەری تەشکیلی کوردی بگاتە ئەوخواستو نیازەی کە بۆی لە هەوڵ دان ، دایە ...!

پ - لەکەیەوە خووی هونەریت پەیدا کرد ؟

و : بێ گومان هەر مرۆڤێك لەژیانیدا ، ڕێچکەو ڕێبازێکی تایبەتی دەگریتە بەر ، منیش هەر لەسەرەتاوە کاتێ برام خەریکی کێشانی تابلۆیەك ئەبووزۆر بە پەرۆشەوە سەرنجم دەدایی ، لە ئەنجامی ئارەزۆشتنی خۆم فێری تابلۆ کێشان بووم بەتایبەتی لە قوتابخانەی ناوەندی بەیارمەتی مامۆستا (محەمەد مەولود) چەندتابلۆیەکم دروست کرد ، ئیستاش پەردەوامم لەتابلۆدروست کردن ...



پ - ڕەخنەت لەکۆمەڵچیە ؟!

و : بایەخ نەدانمان لەمەڕوانگەیەوە ، کارێکی زۆردەکاتە سەر کزیو لاوازی هونەر ، بێگومان ئەمەش هەر لەئەنجامی نرخ نەزانینی هونەرەو تێ نەگەیشتنی لەهەمان کاتا ... کارێکی زیندوو دەکاتە سەرزەوقو چێژی هونەرمەند خۆی بەلای منەوە هونەر شتێکی پیرۆزە ، ئەوەتە بەڵگەی بایەخ نەدانمان لێرەوە سەر هەڵدەداکەدەبینین زۆر لە قوتابخانەکان ، مامۆستایان هەوڵ نادەن قوتابی فێرە هونەر بکەن .

هەتاوانەی هونەردەگۆڕێنبەرەسمی تر ، بێگومان لەمە بایەخ نەدانتر چی ؟.. سەرچاوەی هەر شتێك دەگەڕێتەوە بۆ هونەر هەروەك ووتراوە :

ئەگەر زەمین دڵی ئاسمان بێ
هونەریش دڵی زەمینە

هونەری پیشەسازی سەدەکانی نۆیەمو هەشتەمی پێش زاینی بە تایبەتی لەئاسیای ناوەڕاست دا دوچاری گێرەو کێشەی دەسەڵاتی ئاینە ناوچەییەکانو خانەدانەکان ببو ، هونەری پیشەکاری ئەو سەردەمە بە هۆی پەیوەندی پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان موغو کاهنە ئاینیەکانو پیاو گەورانی بنەماڵە خاوەن دەستەڵاتو خانەدانە سەربەخۆکانو پەیوەندی ڕاستەو خۆی ئاینە ناوچەییەکانەوە لەگەڵبەشێکی خەڵکە ئازادەکانی ناوچە جوربەجورەکانا .. پێ ئەکردن .. ئەم بارە زەمینەیەکی لە باری خولقاند کە هونەری پیشەکاری سەر بۆ دەسەڵاتدارێتی پیشەوایانی ئاینیو دەرەبەگە دەسەڵاتدارەکان دابنەوێنێو لە ڕووی پارچە هونەریە دروستکراوەکانیان پڕوپاگەندەیان بۆ بکەن و نەخشەی دەسەڵاتیان بکێشن.. وە لە سەر پارچە زێڕەکانا نیگاری موغەکانیان ئەکێشا هەزوەکو لەگەنجی (ئامودریا)دا دۆزراوەتەوە بەهۆی یەکگرتنو تێکەڵ کردنی پێشەوا ئایینیەکانو بنەماڵە خانەدانەکانی ئاینەناوچەییەکانو بنەماڵە خانەدانو دەسەڵاتدارەکانەوە ئاینی کۆمەڵانی خەڵکە ئازادەکان پشت گوێ خرابون ، پیشەوا ئایینیەکانو سەرۆکی خانەدانو پادشاکان گۆڕی بەرژەینی تایبەتیان بۆ هەڵ ئەکەندن **وەکو ئەو گۆڕە بەردینانەی لە گۆڕستانی (فخریکا)دا هەڵکەندراوون لە وولاتی (مانا)ی کۆن کە زۆربەیان گۆڕی ڕابەری ئاینەناوچەییەکانن** .. هەروەها وێنەی ڕۆژی باڵداریان لەناوگۆڕەکانا نەخش ئەکرد گوایا ئەمە وێنەی خوای ڕوناکیە وە ئەمە دروشمی تێکڕایی ئاینە ناوچەییەکانبووە وەئەم نەرێتە هەموو ڕۆژهەلاتی کۆنی گرتبۆوە .

بۆنوسینی ئەم باسەسود لە چەند سەرچاوەیەك وەرگیراوە .

**



ئاینە ناوچەییەکان

- ڕوناك محەمەد ئەمین -

خوێنەران !

× کاك ئیسماعیل موکریانی : نامەکەتمان پێ نەگەیشتووە .

× کاك سالار سەرهەنگ : لە سەرەتای پارچەی هەڵبەستێکدا ئەڵێ :

گزەی بای شەمال ئەیان هەژێنێت
پەرچەمی خاوی وا ئەلەرێنێت
.....

× کاك غەفور دلخوش : شیوەنی بۆ (زیرەك) کردوە ئەڵێ :

هونەرمەندی کورد ، زیرەك گیانم ڕۆ
ئاواتی دڵەی بێ ئارامم ڕۆ ..
.....

× کاك سەعدی خەلیفە عەلی : لە بارەی سوالکەرەکانی هەوڵیرەوە نامەیەکی کورتت نووسیوە ، ئەبوا ڕێگای چارەسەر کردنی مەسەلەکەت دەست نیشان بکردبایەوئێمەش ئەمان خستە بەر چاوی لایەنە لێپرسراوەکان .

× کاك ئازاد نوری عەبدوللا: ئەو شیعرە جیهانیەی کردۆتە بەکوردی ئەگەر لەگەڵ زەمینەی ژیانو ڕەوتی کۆمەڵایەتی کوردەواری ئەمڕۆشدا بگونجێ، هەندێك ڕستەی تیایە کە لەگەڵ زەمینەی ڕۆژنامەگەریدا ناگونجێ .

× کاك ئیسماعیل موکریانی : ئەنی : مام تەها کوری مامەرە بەو جۆرە سەرزەنشتی کردنی لە ساڵی ١٨٨٥ی زایینی لە ئافرەت ڕەوا نیە ، بیر کردنەوەی کەرەشێخان لەدایك بووە وەکەی جەنابتان لە بارەی لە ڕۆژی ٩-٩-١٩٧٤ کۆچی ئافرەتەوە لەگەڵ ئاواتو ئارەزوو دوایی کردوە .. کاك زانا ویستی کۆمەڵانی خەڵکی ئەڵێ : مامەڕ شاعیرێکی ڕوخۆش پێشکەوتنخوازی ئەمڕۆدا و نیکتە ڕەنگینو دڵپاك بووە ، جیاوازەو ڕێبازی ڕۆژنامەگەریش هانی ئەو جۆرە نووسینانە بەنمونەی شیعرەکانیشیا وا دیارە تەڕەسی بووە لە نادات . ئێمە ئەگەر بڕمان وەڵامدانەوەدا ٠٠٠

× دیسان کاك بەکر زانا ئەڵێ :

لە ژمارە (٢٠٧)ی هاوکاری دێریك شیعرم لە پوستەی خوێنەرانا بڵاو کراوەتەوە کەچی ناوەکەم نە نووسراوە تکایە ناوەکەم بنووسن (ئێمەش) داوای لێبوردنی لێ ئەکەین .. کە لە کاتی خۆیا ناوەکەی نەنوسراوە .

× کاك ح ع :

لە چاو پی کەوتنەکەتانا لەگەڵ عوسمان شارباژیری گورانی بێژ دا لەبەر ئەوەی لە وەڵامدانەوەکەدا چارەسەری گیروگرفتە هونەریەکان دەست نیشان نەکراوە وە گورانی بێژ زۆر تر باسی هونەرو بەرهەمەکانی خۆی ئەکات بڵاونەکرایەوە ببورە .

× کاك ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجەیی :

ئەو تابلویە بۆت ناردبوین زۆر سوپاست ئەکەین وە لە بڵاو نەکردنەوەشی ببورە .

ئافرەتو

لهونەرو

ئاینە ناوچەییەکان

ژیان بەژمارە

جارێکیان ڕۆژنامەیەکی فەرەنسەایی چیرۆکی ژیانی پیاوێکی فەرەنسەیی بە ژمارەبڵاو کردبۆوە نوسیبوی :

- ٧٣٤٢٣ جار دەستی شۆڕیوە
- ١٨٢٥٠ جار ڕیشی تاشیوە
- ٥٠٧ پاکەت دەرمانی دانشۆرینی بەکار هێناوە
- ٣١ کراسو ١٥ پانتۆوجوتە پێڵاوی دڕاندووە
- ٦٠٠٠ کات ژمیر توشی دڵە کرێی گەدە بووە
- ١٨٠٠٠٠ جگەرەی کێشاوە
- ٩٩٥٠٠ لیتر شلەمەنی خواردۆتەوە
- ٥٢٠١١ جار بویمباخی بەستوە
- ١٢٦٥٦٠ کاتژمیر ئیشی کردوە
- ٤٢٤٦٧ جار ناوی خۆی نوسیوە
- ١٠ تەن نانو (٥) تەنپەتاتەو (٢) تەن گوشتی خواردوە .
- ١٠٨٧٧ جار بوربورینی ئەسپی کردوە
- ٩٢٧ کتێبو گۆڤاری خوێندۆتەوە
- ٦٢٢٤ جار لە دانیشتناخواردویەتیەوە
- ٤٨٠٠٠٠ کیلۆمەتر ڕێگای بڕیوە
- ١٧٦٦٢٤ کات ژمیر ئەخەوێ
- ٣ جار عەمەلیاتی ئەکەن
- تەنیا دوو جار بە ژنەکەی ئەڵێ : (بەخوا ژنێکی سەیری !)

● سەردار شوان ●

پاشماوەی : تاریکەورون

دەگەڵ تەبیعەت هاو دەمی
شادی ، بەکەیفی ، بێخەمی
ئاغاشی بە ئۆگەر ناگری
وەک من لەداخا نامری

ل - ٨٩ -

خەمەکان .. تادێن زۆر دەبنو کەڵەکە دەبن لەسەر یەک

سالی ١٣٢٦ شاعیر قاڵتر دەبێت لە « با بردەڵە » دا قووڵتر لەگەڵ خەمو ئازارەکانی دەدوێت :

لە نامزی گەرم بێبەش کراوم
وەکوو تۆ تووشی ڕۆژی ڕەشکراوم
ژیانم پر لەرنج و دەردو داخە
ئەوە گیرساوەوە لەو کێوو شاخە

ل - ١١٤ -

سالی - ١٣٢٧ دێتە پێشێ ، شاعیر ئەندێشەکانی زیاتر دەبن لەگەڵ ئازار لە « فرمێسکی گەش »دا دادەبەزێنی وورد‌ترو قوواڵتر لەگەڵ خەمەکانیدا دەکات :

نابینی زەردە لەسەر لێوی کەسێ لەم شارەدا
گەر خەمو دەردی دڵی خۆمیان بەسەردا دابەشم
خۆشەویستی ئۆشەکەی تەنیایی هەر ئەزنۆکەوە
بۆیە ڕۆژو شەو وەها گرتووەتە نێو باوەشم

ل - ١١٥ -

ئەو شیعرەی « فرمێسکی گەش »ە ئەو غەزەڵەیە کە لە گۆڤاری « ڕۆژی کوردستان » بە جودا لەسەرەی نووسی کاتی خۆی وە لەم دوایی‌یانەدا لەسەرەی بوو بەهەرا کە گوایێ لە « حەسەن زیرەکم » وەرگرتووەو شیعرەکەم تێک داوە ، وە ئەوانەی « نصاب الصبیان » یان خوێندۆتەوە گوتیان قسەتو مەتی زیادە وە کە خۆیان بەپەلە شت دەنووسنو وادەزانن ئەو خەڵکەشی بە پەلە دەیخوێنێتەوەو بەهەڵەکانیان نازانێت ، گەر حەزیان کرد بۆ دڵنیایی خوێندەواریش غەزەڵەکەم لایە کە لە شاعیر خۆیم وەرگرتووە کاتی خۆی وە هەرماوەمەو بەدەستو خەتی خۆی نووسیوێتی ئامادەم لە دەرفەتێکدا بە «زەنگۆگراف» بۆیان چاپ بکەمو وێنەی بگرم .

بە هەرحاڵ سالی ١٣٢٧ لە « گریانی نیوەشەو » دا شاعیر خەمەکانی بەسەر دەکاتەوە .

کۆم هەڵدەستێ ئەو جارەو لەبەر دەردم دەناڵینم
هەتا ئاوری دڵم دەکوژێتەوە ئەو ئەسرین دەبارێنم
شەوانە گەر نەکەم ئەو شیوەنو ناڵینو گریانە
دەسووتێنێ وجوودم ئاری ئەم جەرگە بریانە

ل - ١١٦ -

سالی ١٣٢٨ شاعیر دەبەوێت بفرێتو لەدەست ئازارەکانی هەڵبێت لە « ئارەزووی فڕین »دا بە هەور دەڵێت :

ئەسەر پشتی خۆت ئەمن بکە سوار

ل - ١١٨ -

دیارە بۆ ئەوەیێتی کە سواری هەورەکە بێتو لەزەوی دوور کەوێتەوە وە لە خەم رزگاری‌بێت بۆیێ پڕی دەڵێت :

هەبەرە نیزیک ئاسۆی جوانو سوور
هەجاتم بدە لە کاوڵی خەمان

ل - ١١٨ -

کە خەوی شاعیرانە بێسوودی خۆی نیشان دەدات ، شاعیر ناچار دەبێت ڕابێت لەگەڵ ئازارو مەینەتدا وە ووردە - ووردە ئەو بڕیەندانە لووسی بکەنو فێری ئارامو قەناعەت‌ببێت بۆیێ گەر جاران بۆ ژاکاندنی تەنیا پەڕەی گوڵێک دڵی داخورە پارەو پەردەی ناسکی ئیحساسی بۆ لەڕیو بەڵام ووردە - ووردە زۆر بوونی ئازارەکانو دووبارە بوونەوەو سەدەها بارەبوونەوەی خەمەکان .. کارێک دەکەن شاعیر سوێ‌ی دەبێتەوە لەگەڵ خەمو ئەندێشەکانیو پەردەی ئیحساسی هێندی - هێندی ئەستوو دەبێتو شتێک زۆر جەرگ بڕ نەبێت وەک جاران دڵی داناجورێ بۆی لە « خونچەی سیس »دا شاعیر وەکو کەسێکی ناچار کە بۆ زەرەرێکی بچووک دەڵێت : « زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە باشترە » قەناعەت پەیدا دەکات بە ئازارەکانو دەبێتە بلبلێکو - هەر نەیسا - دەکات لەسیس بوونی گوڵ بەو هۆیەی کە هیچ نەبێ ماوەیێک بەگەشی ژیاوەو تەنیا داخ بۆ خونچە دەخوات کە بە لاوێتی یان پێش گەشاندنەوەی سیس دەبێت ، واتە خەمو داخی بۆ ئەوانە نەرخان دەکات کە بە جوانەمەرگی دەڕۆنە عەدەم ، وە دەڵێت :

ئەو پێش پشکووتن سیس بووە
بە جوانە مەرگی مردووە

ل - ١١٩ -

وەک ووتم لەگەڵ خەمو ئازارەکانیدا ڕادێتو سوێ‌ی دەبێتەوە ، تادەگاتە قۆناغێک دەبنە ئاوەڵیو داهێنانی هونەری زۆر جوانی پێ دەڕەخسێنن لە « موو ناپسێنم »دا لەزەت لە گرفتاری خۆی دەبینێ‌و بە کەسێکی خۆشەویستی دەڵێت :

ئەمن دەگوت لە دنیا تا بمێنم
لەبەر کەس ئەستەم سەر دانوێنم
کەچی ئێستا لەداوی بسکی تۆدا
گرفتارم گوڵم موو ناپسێنم

ل - ١٢٩ -

وە لە ئەنجامدا بە داهێنانێکی جوانتر شیعرەکە قفڵ دەکات :

کە دەستی ڕۆژگار بای‌دا سەری من
سەری شوورەی شەراب وا چاکە بادەم

ل - ١٣٠ -

خەم بەردوام یەخەگیری شاعیرەو لە « بۆسەی ڕۆژگار »دا سالی ١٣٣٨ ، بە خەم دەڵێت :

نیمە ئاوانێ لەگۆشەی بێکەسی‌دا خەم نەبێ ..!
چاکە ئەو ئێرەش وەفای هەر ماوە ، سایەی کەم نەبێ

ل - ١٣٢ -

خەم دەبێتە ئاوەڵێکی خۆشەویست‌و وەفادار بۆیێ دووعای خێری ئە دەکات « سایەی کەم نەبێ » ، کەواتە بابزانین بەرامبەر « شادی » چی دەڵێت چونکە شادی‌و خەم دوو شتی ناکۆکنو ناشێ لە حاڵێک‌دا هەردووکیان دۆستبن .. شاعیر پێ‌بزانێ‌و نەزانێ وەک ڕەنگدانەوەیێکی نەفسی‌ی هەر لەو شوێنەدا بە « شادی » دەڵێت :

شادی جارێکی بە میوانی نەهاتۆتە دڵم ..!
ڕەنگە خەتەخانەیی خەم ، شوێنی نامەحرەم نەبێ ..!

ل - ١٣٢ -

پاشماوەی : نیکەلای ئەستڕۆفسکی

ئەبوو ئا بتکێننە گەرووی‌و نان بکەن بە دەمیەوەو ئەمدیوو ئەودیوی پێبکەن بەڵام ئەستڕۆفسکی لەوانە نەبوو وا دامرکێ‌و مانای داماوی بزانێ .. وتی ئەبێ هەر تێبکۆشم .. بوو بە نووسەر. بڕیاری‌دا باسی ئەوە بنووسێتەوە کە پارتی‌ی کۆمۆنیستو کەمسەمۆڵی لێنینی چۆن یەکەمین دەوڵەتی سۆشیالیستی‌یان پێکەوەنا .. کرێکارانو جووتیاران چۆن دەسەڵاتیان لە چنگی خوێن‌مژان دەرهێنا .. چۆن مرۆی نوێ لە بۆتەی گڕی خەباتدا قاڵ بوو .. ئەستڕۆفسکی‌و ژنو دایک‌و خوشکی پێکەوە لە ژوورێکدا ئەژیان.لەبەرئەوە بە پۆژ پێی نەئەکرا بنووسێ. کە شەو ئەوان ئەنووستن ، کەوتە سەر زمانی خەڵکو لە ئەو بە کوێری دەسی ئەکرد جیهانی نووسەرآنیشا ناسراو بە ڕەش کردنەوەی کاغەزو بوو بە ئەندامی یەکێتی‌ی سبەینێ کەس‌و کارو دۆست‌و نووسەرانی سۆفیەت‌و خەڵاتی

براەر بۆیان پاکنووس ئەکردەوە . چونکە چاوی نەی‌ئەبینی گەڵێ دێڕو وشەی بەسەر یەکدا ئەهاتنەوە . بۆیە کاغەزیان بۆ مەستەر (١) لای تێکۆشەرانی ئەسپانیا فلیمێکیان پیشان‌ئەدەن . لە دیمەنێکی ئەو فلیمەدا ئەستڕۆفسکی لە هێڵێکی دیاریدا بسووڕێ‌و خەتەکانی بەیەکدا نەچن . پاشان پارتی توانی کەفەرتیرەیەکی تایبەتی‌ی بداتێ‌و کچێکی بۆ تەرخان بکا بە تایپ ڕایتەر بۆی بنووسێتەوە .

لە بارێکی‌وا سەختا بوو ئەستۆفسکی ڕۆمانی « پۆڵا چۆن قاڵ بوو ؟ »ی دانا . ئەم کتێبە لە ساڵانی ١٩٣٢ - ١٩٣٣دا بۆ یەکەمجار بە دوو بەرگ دەرچوو . بە دەرچوونی ئەم کتێبە ناوی ئەستۆفسکی کەوتە سەر زمانی خەڵکو لە ئەو بە کوێری دەسی ئەکرد جیهانی نووسەرآنیشا ناسراو بە ڕەش کردنەوەی کاغەزو بوو بە ئەندامی یەکێتی‌ی سبەینێ کەس‌و کارو دۆست‌و نووسەرانی سۆفیەت‌و خەڵاتی

واتە « شادی » دادەنێت بە « نامەحرەم » کە جایز نی‌یە بێتە لای شاعیرێک کە دڵی ئاوەڵی گیانی بەگیانیو وەفاداری خەم بێت ، ئالێرەدا واتە لە دووعای خێر کردن بۆ خەم‌داو « نامەحرەم » وەتن بەشادی ، زانستی ڕەخنەی سایکۆلۆجیانەی ئەدەب ، ڕەخنەگر وریا دەکاتەوە بۆ ئەو دوو دیاردەیەو نیشانەی چوونی شاعیر بەرەو دژلۆزیزمی دیاری دەکات « واتە قاڵ بوونی هونەرمەند لە خەمو ئازاردا وە ئەندێشەکانی خەم بکەن بەبنکە بۆ لێوە ڕوانینی زۆربەی کارەساتەکان » .

شاعیر دەگاتە ئەوەی بڵێ :

« خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵک ڕۆشن بکەم »
« کێ لەڕێی خەڵکا وەکوو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ»

ل - ١٣٢ -

لێرەدا خەمی شاعیر جودا دەبێتەوە ، کە خەمێکە ئەنجامی بوونی وەعی‌یەو لە نەفامی‌و ساکاری‌یێوە نەهاتووە ، ئەوە وەعی‌یەی زۆر جار خۆی لە ئەنجامەکانی وەڕسەو دەڵێت :

بە تۆو تووش ، تووشی مەکتەب ، بۆ دەهاتم من کە زانیبام
خەفەت ، مەینەت ، کەسەر ، حەسرەت ، بەشی ئینسانی زانایە

ل - ١٣٣ -

شاعیر تادێت تاقی کردنەوەکانی ژیانی بۆ دەبنە دەرسی‌و جار لەدوای جار لەگەڵ چوونی‌دا بەرەو تەمەنێکی زۆرتر هەستەکانی قووڵترو خەستتر دەبن ، ئاوارەیی‌و لانەوازی‌و غەریبی‌و هەڵچوونی تەمەنو خەم بوونە خۆراکو ئازار بوونە تۆشووی ڕێگای ژیانی دەیبەنە پێشترو تادێت گۆرانی‌یێکانی پڕ ئیحساس‌و چڕ تر دەبن :

لەکوێ حاڵی منو تۆ وادەبوو ئەی خۆبەدست ئێستا
ئەگەر دنیا ئوسووڵو قاعیدەو نەزمو حسابی با

ل - ١٣٩ -

ئەگەر دەی‌ژانی مانای خۆشەویستی ئەم کچە کوردە
بە سەد یاقووتو گەوهەر نەیدەدا فرمێسکی ئاڵی من
ڕەشو تاڵو دڕۆنە پڕ لەئازارو خەمو دەردە
بڵێ شەوانی دووری بوو ، سەراسەر ژینی تاڵی من

ل - ١٣٦ -

وە گەر جاران دەیگوت :

دەبڕی جەرگی دوژمنی ژۆل **بەسەر نێزە نەک بەمژۆل**

ل - ١٤٢ -

پاش ئەو بە چەندساڵی دەڵێت :

پیرو زورهانمو ئێستاش دڵەکەم هەر دەیەوێ
سەرو ماڵم بەفیدای خاڵو خەتو پەرچەم کەم

ل - ١٦١ - ساڵی ١٣٤٦

هەموو خوێندەوارێک دەزانێت ساڵی ١٣٢١ گوتوێیتی :

ئاشقی چاوی کەژاڵو گەردنی پڕخاڵ نیم
ئاشقی کێوو تەلانو بەندەنو بەردم ئەمن

ل - ٤٩ -

ئەوەی سەرەوە دوو دێرە لەیەکەم شیعری دیوانەکەی کە کردیان بە خوێنی سیا وەحش بەسەر ئەو خەڵکەوە ، لە شوێنێکی‌تردا ئەوباسە بەتایبەتی دەکەم ، با جارێ وازی لێ بێنین ، لە « پەڕی شیعر »دا دەڵێت :

شیعرت دەوێ لەمنی پیر **لەمنی پیری گۆشە گیر**
لە شاعیری زمان بڕاو **لە شاعیری دەفتەر دڕاو**
لە شاعیری بەسالا چوو **لە شاعیری وشک هەڵاتوو**

ل - ١٥٧ -

یاوەکو دەڵێت :

پەری شیعر وەک کچی جوان
بۆ پیاوی پیر نایەتە ژوان

ل - ١٦٠ -

یان لەم دوایی‌یانەدا دەڵێت :

ئەوێستاش گۆڕ غەریب زۆرن وەکو تۆ
ئەوێستاش بێ نەسیب زۆرن وەکو تۆ
ئەوێستاش بێکەس‌و دوورە وەتەن هەن
ئەوێستاش شاعیری پیرو ڕەبەن هەن

ل - ٢١١ - ساڵی ١٩٧٣

« دەسکەوتی خەبات »

بەو نموونانەدا گەیشتینە ڕاستی‌یێکی‌تر کە سەرکەوتنی شاعیر وەکو هونەرمەندێکی داهێنەرو سەرکەوتوو بەپلەی یەکەم ئافرەت‌و جوانی وە دووەم لانەوازی‌و ئاوارەیی پاشان بەپلەیێکی دواییەتریش ئینجا سیاسەت .

وە ئەوەێ ئەوەش بڵێم کە نزیک‌بوونەوەی شاعیر لە
دۆلۆزیزمی گەر لەسەر ڕەوتی ئێستا ژیانی بڕوات شتێکی
حەتمی‌یە ، بەشی داهاتوو بێوەندی‌یێکی جەدەڵ لە بابەتی
تێکەڵ کردنی دڵداری بە سیاسەت یان بە ئیشتمانو
گەڵ‌ویستی .

پاشماوەی : لە بەندیخانەکانی

بەندی هەیە . لە هەردوو لای دەستەیەک گیراوی تازەبێنن ، دزێڵایی ئەو حەوشە ، دوو ڕیزە وەزعی خواردن خراپتریش دەبێ هەژدەی تاقەکەسی دروست‌کراوە لەبارەی‌کێشکی ئەو زیندانانەوە ئەو گرتووخانەیە زۆرپتر لە تەنانەت پاسەوانەکانیش ئەندازەی خۆی‌گیراوی تێ‌کراوە شکایەتیان هەیە » .

لە نامەی گیراوکی تردا
نووسراوە :

« زۆرجار سیللولێکی یەک میترو دوو میتری دوو سێ‌کەسی لێدەپەستیون . ئەو سیللوولە ئەوەش ، لە بەندەکان‌دا جێگای زۆرنەیەو کارەبایەکی بەتاڵ وەگیرناکەوێ . هەر بچووکیشی لەبن‌میچەکەی‌دا هەڵکراوە . هەرچەند بێبسانەوە ڕابکشێ‌و بێجوولە جوول تابەیانی سەربکەیەوە » ...

لە هۆدەکانی پچووک‌و بەرتەنگ‌دا کەتەنانەت زەلامێکیش‌ناتوانی بەئاسوودەیی تێیان‌دا بحاوێتەوە ، هێندێک جار تا شەش‌کەسی تێدەخزێنن. لە هەموو بەندیخانەکانی ئەو هۆدانەدا ئەوەندە تاریک‌و چ لەتاران‌و چ لە زۆرجار لەگۆشەو قەراخەشارەکانی‌تر شکنجەگایەک هەیە کانیان‌دا گیاشین‌دەبێ . بێجگە لەزوربەی ماڵە نهێنیەکانی لە زۆرێنکی پچووک‌و دەرکەیەک ساواکیش‌دا ، دەزگاو ئامرازی هیچ‌کون‌و کەلێنێکیان تێ‌نێیە . شکنجەدان لەگۆڕێ‌دایە . گیراوە دیارە دەرگایەکەش قەت سیاسیەکان بێهەڵبەستن ناکرێتەوە .

جەزرەبە دەدرێن . شکنجە گیراوەکان لەو هۆدانەدا سەرەتاو بڕانەوەی نیە . بەمانگ‌و بەسالیش‌ڕەنگی هەتاو نابینن . سەرماو نەمداری وهەوای خراپی ئەو زیندانانە بەو ئەندازەیە کە زۆربەی گیراوەکان هەر لە دوو سێ ڕۆژی هەوەڵدا نەخۆش دەکەون دیارە کەسیش ناوێرێ باسی دەرمان‌و دوکتۆر بکا .

لەگرتووخانەکانی گشتیش‌دا بەتاوبەین بە بیانووی شتێک
وەزع کەموزۆر هەر بەم جورەیە ڕاگیشی شکنجەگایان دەکەن .

گیراوێکی سیاسی دەنووسی :

« لەبەندی ٤ دا کە تەنیا سیاسیەکان ناوی (کومیتە) و جێگای بیست‌کەس دەبێ ، ٢٠٠ جەزرەبە چیەکانی شکنجەگا کەسیان دەپاڵیەک ئاخنیوە . دزانن . ساواک ناوی لە بۆ ئەوەی هەوایەک لێمان‌بدا شکنجەگاکان ناوە کۆمیتە . ڕۆژانە ٢ سەعات دەچینەدەر . هاوار پەرویزی حیکمەت جو سەعاتێک پێش نیوەڕۆو لەیەکێک لەو کومیتانەدا شەهید سەعاتیکیش پاش نیوەڕۆ . کرا . ساواک هەمیشە بۆ تێک بەڵام زۆر ڕۆژان نازانین لە شکاندنی زیبک‌و خۆڕاگری بەرچی ، ڕێگای چوونەدەرەوان قوربانیەکانی ، لەتازەترین ڕێو نادەن . پیاو وەک پۆڵا نەبێ شوێنی فاشیستی کەلک ناتوانێ بەمانگ‌و بەساڵ خۆی وەردەگرێ .

لەم وەزعەدا ڕابگرێ ... دەستوور وایە گیراوی

... گیراوەکان سیاسیەکان لە سیاسی پلەبەپلە جەزرەبەدەدرێ هەموو مافێک بێبەشن . ئەوان هەوەلین لێپرسین بەلێدان‌و مافی کتێب‌خوێندنەوەو وەرزشو دارکاری دەست‌پێدەکرێ . سروود خوێندنەوەو ئەم جورە پاشمان داخ‌کردن ، دەست‌و شتانەیان نیە . تەنانەت لاقشکاندن ، لە ئاوی سارد هێندێک جار مافی ئەوەیان نیە هاویشتن ، بێهۆش‌کردن لەگەڵ یەکتریش قسەبکەن . بەکارەبا ، دانان لەبەرامبەر کەسێک بەپێچەوانە بجوولێتەوە نوورهاوێژی بەهێزو هەراو تووشی تەمبێ‌کردنێکی زۆر تونڈ هوریانانەوە لە زووری دەبێ . خواردنی زیندان کەمو ناجورە . ئەگەر یەکێک یان تاقەکەسی‌دا .

- ماوێتی -

پاشماوەی : بزوتنەوەی ...

● ڕێگادان‌و وەرگرتنی بزوتنەوەکەو سوود چەنگاوەرانی ولاتانی ناوچەکە لێوەرگرتنیان .

● مەشق‌کردن بە ئەندامانی بۆ ئەوەی لە ڕیزی بزوتنەوەی بزوتنەوە کە بەتایبەتی مەشقی میردا لە شیلی خەبات‌بکەن . شەڕی پارتیزانی لەچەند

● فراندانی سەرکردەکانی ناوچەیەکی تایبەتی شیلی‌و لە ڕێژیمو محاکەمە کردنیان لەبەردەم دادگایەکی شۆڕش‌دا . چەند ولاتێکی سوشیالیستی‌دا .

● کاول‌کردنی دەزگاکانی **ئازاردانی گیراوەکان**
لەشکر .

هەروەها ئازانسەکانی

● هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی دەنگوباس وائەگەیەنن کە ئەفسەرو کاربەدەستانی‌لەشکرو تاوەکو ئێستا نیشتمان‌پەروەرو پۆلیس‌و کردنیان بەدۆستی لایەنگیرانی شەهید ئەلێندی لە بەندیخانەو زیندانە تاریکەکانی شیلی‌دا درێندانە ئازار ئەدرێن‌و ڕۆژیش نیە کە لە زوربەی‌کۆڕو ئورگانە کۆمەلایەتی‌یەکانی جیهانەوە کە سەدان بروسکەی نارەزایی دەربڕین نەگاتە میلیتاریستەکان کەتیایاندا داوای وەستاندنی ئەوگرتن‌و کوشتن‌و بڕینە ئەکرێت .

میلیتاریستەکانیش لە ترسی ئەو نارەزایی دەربڕینەو ڕسوا بونیان ڕێگانادەن کە بچوکترین هەوائی ناوخۆ کە پەیوەندی بە وەزعی سیاسی‌یەوە هەبێ لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا بڵاو بێتەوە یان بتاتە دەست پەیامنێرانی ڕۆژنامەو دەزگاو ئاژانسەکان .

بە دەسکاری‌ی
کاوە بە گۆڕە

پاشماوەی : بیری سەربەست

بڕیتی‌یە لە گرینتیکی بە کۆڵو بەجۆش ، زۆر لە ڕەنگە زەردەکەی ئاشکراترو بەرچاوی دوژمن کەوتوو تڕە ، ئیتر تێناگەم بۆ لیرەدا وەک زەردەخەنەیەک دڕاوەتە قەڵەمو ڕەنگە زەردەکەی شاعیری بە جۆرێک شاردۆتەوە تا دوژمن پێی خۆش نەبێ و لە پاداشتی ئەو چاکەیەدا شاعیر بە دڵ مەمنوونی ببێتو سوپاسی بکات .

نامەوێ بیشارمەوە ، ئەو لەسەر نووسین‌و کۆلینەوەو (ڕەخنە)یەی کە کاک دڵشاد دەربارەی (فرمێسکی گەش)ی نووسی‌یەو شێعرەیەی لەسەرەوە لێی دواین ، ئەگەر کاک حوسامی وەک هاو بیرو بڕوایەک و هاوڕێیەکی دێرینی شاعیرو پیشەکی نووس د. قاسملو وەڵامی وتارەکەی (ڕەت کردنەوەیەکی پێشەکی‌یە کەی دیوانەکەی هێمن)ی نەدایەتەوە بەم چەشنەی ئێستا دەمەتەقێکە قووڵ نەئەبوەوە هەرکەس لە ڕاستی خۆیەوە شۆڕ نەئەبەوەو مشتو مڕەکەش وەک ئەیبینن واگەرمو گوڕو لە کوڵ نەئەبوو .

لە ژمارەی داهاتوودا لە (ڕەتکردنەوەیەکی پێشەکی‌یەکەی هێمن) ڕۆوێین .

Institut Kurde de paris

پاشماوەی ٨ میژوی هاد

خوڵی گرنگی دابەشکردنی ئیش‌وکاری کۆمەڵایەتیدا - واتا دابەش کردنی پیشەی کارکردنی‌پیشەیی‌و کشتوکاڵ - هاتە پیشەوە . ڕازاندنەوەی پیچاوپیچی ئەندازیاری گۆزەگەری (وە هەروەها تەنین) یەکێکەلە ڕواڵەتە تایبەتیەکانی ئەو سەردەمە . کە لەو کاتەدا تەنین‌و گۆزەگەری نمونەی هونەرو بەرهەمی هونەرمەندانی‌ئەو ڕۆژگارە بووە .

باس‌کردنی ئەمشتە پێویستەکە شارستانیتی‌و فەرهەنگی هەرێک لە شارەکانی ئەوسەردەمە لەگەڵ ئەوەدا کە هەندێکیان لە هەندێکی تریان‌ئەچون کەچی لەگەڵ یەکتدا جیاوازیان هەبوو . وە هەریەکە شارستانیەت‌و فەرهەنگێکی تایبەتی خزی بووە . وە ئەوەبزانین کە هەریەک لەو ناوچانە زەوی‌و زارێکی تایبەتی‌و ئابوریەکی عەشیرەتگەری‌و کشتوکاڵیکی‌هوزایەتی تایبەتیان‌هەبووە کە بەیەندی‌یان لەگەڵ یەکتریدا ڕۆژ بە ڕۆژ کەم بۆوە .

- ماوێتی -

گۆڤاری لەرایەردووە

رۆژنامە پێشکەوتن ژمارە (٤) رۆژی (٢٠) مایس سالی ١٩٢٠ ئەمەی بڵاو کردبووەوە .

- مدیری سوردش اسماعیل حقی افندی کرا بە مدیری سەنگاو .
- مدیری سەناو ئەحمەدبەگ کرا بە مدیری سوراش .
- مدیری سەرچنار عبدالمجید افندی کرا بە مدیری نانجەرو .
- مدیری تانجرو عبدالرحمن اغا کرا بە مدیری قەرەداغ .
- مدیری قرەداغ عونی افندی کرا بە مدیری سەرچنار .

تێبینی : ئەوەندەی من بڕیبچم یەکەمیان اسماعیل حەقی شاویسە . دوهەمو سێ هەمنازانم . چوارەم ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشایە باوکی حەمە پاشاو پێنجەم عەونی ئەفەندی حاجی گورونە کە هەرلەو سەردەمەشدا بوو بە مدیری پۆلیس .

ئارام

جیهازێکی ئۆکسجین

لە ئەمەریکا جیهازێکی ئۆکسجینیان **دروست** کردووە کە ئەتوانرێت ئەملاولای پێ بکرێتو لەلایەکەوە ببرێت بۆ لایەکیتر ، ئەم جیهازە بەکەلکی ئەوە دێت ئەگەر هاتوو لە دەزگا کیمیاگەریەکاندا وەیا لە کانەکاندا شتی قەوما ئەو بەو جیهازە ئۆکسجین ئەدەن بەوکە سانەی لێیان قەوماوە ، تاکو لە مردن رزگاریان بکەن .. جیهازەکە سووکە دەستە قورسایەکەی لە کیلۆنیوێك زیاتر نابێت ..

جیهازێکی ئۆکسجین

لەبەکار هێناندا خۆش دەستە بەتروکە چاوێك دەکرێتە دەموچاوو دەمودەست دەکەوێتە ئیش کردن ... لە شوێنێکی تەنگەنەفەسدا ، بەهۆی ئەو جیهازەو بۆ ماوەی سەعاتێك ئەتوانرێت کات بەسەر ببرێت .

ئەنیم جگەرە مەکێشە !

جگەرە بڵمە ، زیان بەخشە ، تەنچی هەر ئەشی کێشن .. هەزارجار ئەنیم جگەرەیە مەکێشە !!

ئەمەش زیانێکی تری و دەواز لەجگەر ، کێشان بێنە . (فرەنیسیس تۆماس) بە حەیاتی خۆی، ئەوەی بە خەیالآنە هاتووە جگەرەیەك بەم مەرەیەی ئەبات .. لەسەر کورسیەك خۆیدا ئەتەپێنێتو جگەرەیەك لە پاکەتەکەی دەرهێنێتو هەر ئەوەندەی خۆش ئەبێت تا کڵپە ئەکاتو ئەو کارەساتە ئەنێتەوە ئەم هەوالە زوربەی خانۆکەی خۆی و سێ مالی تریش بەسەرا دانەتەپێت .. ئەمە رۆژنامەکانی شاری (لیل) لە تومەز یەکێك لە (کیتەلەی) فەرەنسا ، بڵاویان کردبۆوە .. غازەکان غازی لێ ئەچێتو دە ئیتر واز لەجگەرە کێشان مالەکەی بر کردووە ، کە ئاگری بهێنە ..

وریابە !!

ئەبێ ئەم هەموو نیشانەیریگەوبانە چۆن ئاوا بەم چەشنە لەم جێگایەدا کۆکرابێتەوە ؟ ئەمە بەردەمی بەشی پولیسی ڕێگاوبان بوو لەپێشانگای بەغدادا ، کەپێش ماوەیەك لەمەو بەر کۆتایی خولی ئەمسالی هاتئەگەر سالێکی تر بەبەردەم ئەم بەرەیەدا تێپەر بوویت دەستدامینت وریابە !!

ئەنیم جگەرە مەکێشە !

وریابە !!

ئەبێ ئەم هەموو نیشانەیریگەوبانە چۆن ئاوا بەم چەشنە لەم جێگایەدا کۆکرابێتەوە ؟ ئەمە بەردەمی بەشی پولیسی ڕێگاوبان بوو لەپێشانگای بەغدادا ، کەپێش ماوەیەك لەمەو بەر کۆتایی خولی ئەمسالی هاتئەگەر سالێکی تر بەبەردەم ئەم بەرەیەدا تێپەر بوویت دەستدامینت وریابە !!

دەمانجە قسەرەکا !!



ل سایگۆن ، نوێنەرێت ل پەرلەمانا هەی ، کە بیچگار زنکوین فان ئیو ی سەرۆکی فیتنامی خزاروی خوش نەوێت ، سەرئەرمی خۆشەویەتی پسال بر و نایەوە دەنێت کە ستی سەیرو هەرزەکارانە بنوێنێ ، جاری وا هەیە ، شتی وانەکات زۆر پێ هەترسیدە ، .. پێش ماوەیەك ئەو ئیبە ، لە کۆبونەوەیەکی پەرلەمانا دەستی کردووە بە جوێن دان ، بەو کەسانەی لایەنی (فان سیو) ناگرن ، واتە ئەوانەی بەرهەلستەکەری رژێمی ڤتنامی خوارون لەسەر ئەوە چەند ناپەسەکی بەرەی بەرهەلستی رژێم جوابی کابرای سەرکرمێان داوەتەوە ، ئەمیش پەلامارێ دەمانجەکەی داوەو بەناسماندا دەستی کردووە بەگوللە تەقاندن .. هەرەشەی کوشتنی لێوانە کردووە لێی نزیك بکەوێتەوە ..

دەمارگرتوویەتیو چاوی سووربوونەوە هەترسیەکی ئاوەتەوە دەوروبەری دووسان لەمەوپێش جارێکی تریش ئەم کابرایە بوکە شوشەیەکی گەورەی لەئەمل خۆی بردووە بۆ پەرلەمان لەسەر پلیکانەکان بوکە شوشەکەی داوەتە بەر دەمانجەو بە هەموو دەنگی هاواری کردووە :- بەرەی (موعارزینم) گوشت ..

ئەمیشیان شۆڕەیەکی تری رادەربڕینو موناقەشەکردنە ..

ئابڵۆقەکی نایاب



تابلۆیەکی نایاب

جوان لێی وردبەرەوە، یەکەم سەرنج ئەوە ئەخاتە دڵەوەکە تابلۆیەکی زەیتی بێ هونەرمەندێکی خاوەن بەهرە هونەرمەندێتی خۆی تیادا نووساندبێ .

کەچی واشنیە ، ئەوەتە نیاسەری بۆری مۆسیقایەکی هەوایە بەشێکی مەهرەجانی لاوانی ئەلەمانیای تیا دەرکەوتووە کە لە مەیدانی ئەلەکسەندەر لە شاری بەرلین کردوویانە ..

ئابڵۆقەکی نایاب



ئەم وەك ئەوانی تر قەبەو زلنیە ، لایەکی مال داگیرکات ئەمان تابلۆی خنجیلەیەو جوانەکە بیانو بەهۆی ئەم غەسالە نوێیەوە ، لە ئەرکێکی زۆرئەحەسێتەوەو وەختێکی زۆریشی بۆ ئەگەرێتەوە .. پێش ماوەیەك ئەم جۆرە غەسالە بچووکانە کەو تۆتە ناوبازاڕەکانی ئەلەمانیاوە ، ناویان لێناوە « فاشبۆی » ئیشی ئەوەیە وردەجلو بەرگ ، رۆژ بەرۆژ بەگورجی بشوا ، جیگای کیلوێك جلوبەرگی وشکی تیا دەبێتەوە .. ئۆتوماتیکی لەزەرفی پێنج دەقیقەدا ئەیان شوات و وشکیشیان ئەکاتەوە .

ئەم جۆرە غەسالانە زیاتر بۆشوشتنی کراس و دەرپێو گژەوی و جلێ منالآن بەکار دێن .. ئەگەرچی جلی خوریش ئەشوات .

تابلۆی خنجیلەیە

ئەم وەك ئەوانی تر قەبەو زلنیە ، لایەکی مال داگیرکات ئەمان تابلۆی خنجیلەیەو جوانەکە بیانو بەهۆی ئەم غەسالە نوێیەوە ، لە ئەرکێکی زۆرئەحەسێتەوەو وەختێکی زۆریشی بۆ ئەگەرێتەوە .. پێش ماوەیەك ئەم جۆرە غەسالە بچووکانە کەو تۆتە ناوبازاڕەکانی ئەلەمانیاوە ، ناویان لێناوە « فاشبۆی » ئیشی ئەوەیە وردەجلو بەرگ ، رۆژ بەرۆژ بەگورجی بشوا ، جیگای کیلوێك جلوبەرگی وشکی تیا دەبێتەوە .. ئۆتوماتیکی لەزەرفی پێنج دەقیقەدا ئەیان شوات و وشکیشیان ئەکاتەوە .

ئەم جۆرە غەسالانە زیاتر بۆشوشتنی کراس و دەرپێو گژەوی و جلێ منالآن بەکار دێن .. ئەگەرچی جلی خوریش ئەشوات .

دکتۆر شۆ هاوکاری بەسەر دەکاتەوە

« جێمس بروهان» دکتۆرێکی ئینگلیزە ، سەگەکەی لێون دەبێت ، کابرای دکتۆر ئارامی لەبەر ئەبرێت ، لەتاوا لەزوربەی رۆژنامە رۆژانە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتەدا جارئەداتو ئەلێت کە گوایە مژدانەیەکی چاك و قەڵەو ئەدا بەو کەسەی سەگەکەی بۆ بدۆزێتەوە ، سەگەکەش لەو جۆرەیە کە پێی دەڵێن

دکتۆر ئەمەشت کرد ..

« بۆکسیر » .. ئەنجام پیاوێك سەگی دکتۆر ئەدۆزێتەوەو ، هەڵتەك هەڵتەك سەگ ئەداتە پێش ، تا خۆی ئەکات بەعیادەی دکتۆرەکە ، بەدڵیکی خۆشەوە سەگەکە ئەداتەوە دەستەخاوەنەکەی و بۆ مژدانەکەی دەست هەلوقیت ، دکتۆر بەگرمەوە دەستی کابرا ئەگوشێت و تەوقەیەکی زایابی لەگەل ئەکات و ئەلێت بۆ مژدانەکەشت ، ئەوە دوو مانگی هەردوو روومەتت ، هەڵسێتو دوومانگی روومەتی کابرا ئەکات .

دکتۆر شۆ هاوکاری بەسەر دەکاتەوە

ئەمجارەش مامۆستای ناسراوو شاعیری لەفز شیرینو طبع رەوانو خاوەنی ١٠٠ هەزار (قصیدە) (دکتور شۆی)ی ئێستا و مامۆستا (احمد شکری) جاران هاوکاری بەسەرکردەوەو ئەو دیاریەیە رەنگینەی پێشکەشی بە هاوکاری و خوێنەرانی کرد .. دیاریەکەش بریتیبە لە دوو پارچە هەڵبەست کەهەریەکەی لەبۆنەیەکدا (هونیوەتۆ) .. ئیمەش بۆ ئەوەی دڵو دەروونی خوێنەرانی رۆژنامەکەمان شەیدایانی دکتور شۆی پێ فێنك بکەینەوە بریارماندا وەکو خۆی بڵاوی بکەینەوە .

هاوکاری

چوارینە بۆچاوی جوان

د . شۆ سلێمانی

١٩٧٩/١/١٧

ئەوچاوەی یەزدان بەتوی داهێشتوە — چاوی وا رەنگ وگەشم نەدیوە

گەر تیلی چاوت بەرهەڵکەس کەوی — گومانم نیە ڕۆحت چنیوە

گەر ڕاستە دەوی چاوت لێی دابڵی — کەچاوت پێی کەوت چاوبۆی شەیدابڵی

ئەگەر چاوگزو کێوێر چاوڕیسۆچاوی — کەوتە بەرچاوت لەهێلنجت دابڵی

سەرچاوگەی جوانی نێوەڕۆی چاوە — شێرینی لچ ولاوەکەر بەچاوە

بێ چاوانی بێت چیی خاوەن چاوە — چاوبێ ئازاربێت تاچاوی ماوە

لە ١٩٨٤/٧/٧ وتراوە

ئەمانەی کوڵم وتیوە چاوەڕێ مەبڕۆ — هەڵاڵسەیری کەتیۆنەسڵەمێوە تۆ

ئەوساتانەی سەیری کردای خۆشەکان — لەجوانی یارونا شێرینی ڕووی [شۆ] !

لە سێبەری بلیمەتاندا

- ڕەنج -

★ « ڤابتزاروف » شاعیری تێکۆشەری بولگار پێش ئەوەی بیبەن بۆ سێدارە ئەم « ئاوازی دووعا خوازی » یەی ، کە بو ژنەکەی ناردبو ، بو هاوڕی بەندەکانی خوێندەوە :

« وەکو میوانێك کە هەرگیز
چاوەڕێت نەکردبێ
ئاوها دێمە خەوت
تکایە دەست مەنێ بەرووەوە
دەرگام لەسەر کلوم هەکە ..
چونکە بێخشپە دێمەژوورەوە
وبێ دەنگ دادەنیشم
لە تاریکیدا هەردوو چاویشم
ئەبڕمە ڕووت
کاتێ کە ، لە ڕوانینت تێردەبم
ئینجا دەڕۆم وبەرەو خوار
دەبەموە » .

کرێکاتێر

ئەم وێنەیە ئەڵێ چی ..؟



هاوسانی وسانی ١٩٨٥

تا ئەم وەختەش ئافرەت لەبەریتانیا لەئیشێکی هاوچەشن پارەی لە پیاو کەمتر دەدرێتێ

.. سەرچاوەیەکی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا ئەوەی راگەیاندووە ، کە ئافرەت جارێ کرێکەی وەك کرێی پیاوی لێ نایەت مەگەر لەسالی ١٩٨٥دا ، دوای قوتاربوون لەم گیرمەو-گێشە ئابووریەی بەریتانیای تێکەوتووە ...

وەکی تر باری ئابوری بەریتانیا رۆژ بەرۆژ زیاتر بەرەو تەنگانەو سەغلەتی ئەچێت ، لەوانەیە سالی ١٩٨٥ دوو ئەندەی ئیستاکە گیرو گرفتەکانی قەبەو گرانتری لێبێت ..

بۆ ئەوانەی خوا پێیداون

کۆمپانیای رولز رایس لە سەری سالی تازەوە مۆدێلێکی نوێی ئۆتۆمبیلەکانی ئەخاتە بازاڕەوە ، بەرای بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایە ئەم مۆدیلە جوانترین ئۆتومبیل ئەبێت لە دنیادا ... بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایەوتوویەتی .. پیشەکی بەرهەمی سالێکی ئۆتۆمبیلەکانیان فرۆشتووە .. (بەڵام چ فرۆشتنێ بەتاڵان! هەریەکەی بە - ٢٥ - هەزار دینار !!) . ئەمەیە ئەڵێ .. « تولەکەی تەڕی ناتۆ .. »

شارەزایانی مەیدانی بازرگانی تابلوی هونەری ، نرخی ئەو تابلویە بە دوو ملیۆن جونەیهی ئەسترلینی دراوەتە قەڵەم .. لەسەریکی تریشەوە ناحەقیان نییە کە ئاوا بەوریایی پاسەوانی ئەو تابلویە بکرێت ، چونکە لە مانگی شوباتی ڕابردوودا دەستەیەك دز ، ئەو تابلۆیەیان دزیبوو ، دوای هەوڵو تەقەلایەکی زۆر لەکەناری حەوش کلیسە یەکدا دۆزیبویانەوە ..

پاسەوانیەکی تۆند

لە لەندەن ، پیشانگای (کینود)ی هونەری بە ژمارە یەکی زۆر لە پاسەوانانی دەوری گیراوە ، ئەویش لەبەر پاراستنو چاودیری ئەو تابلوێەیەی کە بەناوی (فیسارەژەن) ناو بانگی دەرکردووە نەوەکا بدزرێتەوەیا شتێکی لێ بەسەربێت بەکۆڕەی هەڵسە نگاندنی

ژمارەی سپاردن بەکتیبخانەی نیشتمانی
١٥٦ی سالی ١٩٧٤

institut kurde de paris